www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-10-2006 0:12

# حیکایەتەکانی دەریا... حیکایەتی سێهەم) ... ئارام قەرەداغی

Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram

-1-



دوێنێ شەو لە خەوما
پەنجەکانم هەڵوەری
دەنگێك لەغەیبەوە چرپانی بەگوێمدا و
ووتی ئەوە کارەساتە کارەسات
کەچی ژنەکەی هاوسێمان دەی گوت
ئەوە ڕەحمەتی خوایە
بیرمە جاریکی دی
لەخەوما هەردەستێکم
دەپەنجەی هەبوو

هەر ئەو ژنەی هاوسێمان
دەی گوت
ئەوە ڕەحمەتی خوایە
باشە دەپێم بڵێن
ئەو خەڵکە هەروا درۆزنن
یاخود ڕقیان لەیەئسە

-2-

لەم وڵاتەی ئێمەدا
خەڵك خوێن دەیگری و من عەشق گرتومی
خەڵك کەخوێن گرتنی یەکتری دەکوژن
منیش ئێستاکە عەشق گرتومی
بەتەنها هیواکانم دەکوژم

-3-

من چاوەڕێ بووم
ئەو گۆرانیانەم بۆ بڵی
کەدەمێکە دورم لێی
کەچی ئەو
ئەو ئاوازانەی دەدا بەگوێمدا
کە هەتا هەتایە لەدڵم دەرناچن
ئەو.. ئەومەلانەی هەڵدەفڕاند
کەهێشتا چاویان نوقمی ئەشکی غوربەت بوو
چ سرودێکی پڕلەمەینەتی بوو
منی کرد بەخاوەنی

سەرێكی خاڵی لەمانا
منی كردە داهۆڵكی خاڵی لەجەستە
-4-
هەزارو یەك دڵشكاندن
هەزارو یەك هیوات دانە دانە بۆ سوتاندم
هەزارو یەك خەونی
ئەرخەوانی تازەپشكوتوت هەڵوەراندم
لەپاداشتیا پیاسەیەكت داپێم
كەدڵنیام زۆر زۆر كەمتربوو
لەهەزارو یەك هەنگاو